

مرۆڤسالاری

# یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر
# یان کێومالّکردنی ڕەخنە و دەنگی ئازاد

عەلی کەریم دەینوسێت*

دەرکردنی یاسا گەلێکی نوێ بەناوی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆرەوە ئەمڕۆکە بۆتە دیاردەیەکی جیهانی و ڕاستە و خۆش بەشێکە لە پرۆسەی جیهانگیری ئاسایش واتە بۆ سنوردارکردنی ڕەوتی جیهانگیری تیرۆریزم کە ئەمڕۆ لە فیکری ئیسلامیدا لەنگەری گرتووە و وەك تێگەیشتنێکی سەقەت و توندگیر دەیەوێت ڕەوایەتی لە ئیسلامەوە بۆ خۆی هەلکۆلێت.

ئەم دیاردەیە ئەگەر چی دەکرێت یەکێکبێت لە میکانیزمە هەرەگرنگەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریزمی جیهانی، بەلاّم بەم گوتار و پێکهاتەیەوە کە ئەمڕۆ بۆ مرۆڤایەتی سەدەی بیستویەکی نمایشدەکات ئەوەندەی یاسای تیرۆر گەشەپێدانی تیرۆر ڕێکخراوی دەولّەتە هەرگیز نەبۆتە بەربەستێك بۆ قەبارەدارکردنی شەبەحی تیرۆر! لێرەشەوە دەبینن لەسەر ئاستی زۆر لە ولاّتان بە تایبەت خۆرئاوا پاشە کشێیەکی ترسناك هەیە لە فەلسەفە و بەهاکانی مرۆڤ سالاری و ڕێزگرتن لەو پەیماننامە نێودەولّەتیانەی کە تایبەتن بە ڕێزگرتن لە ماف و ئازادییە تایبەتییەکانی مرۆڤ.

کوردستانیش وەك بەشێك لەم جیهانە بەدەرنییە لەو دیاردەیە (دیاردەی ئامادەکردنی یاسای نوێ بۆ دژایەتی تیرۆر)، چونکە بیرمان نەچێت کە گەلی کوردستانیش بەشێکە لە قوربانیانی دەستی ڕەوتی ئەو تیرۆریزمە جیهانییە نوێیەی کە ئایندەی مرۆڤایەتی خستۆتە ژێر پرسیارەوە، بەلاّم تەواو بە پێچەوانەی هەموو دنیاوە ڕەوشی کوردستان لەگەلّ عێراق لە قۆناغێکی ڕاگوزەری کاتیدایە، هەربۆیەش دەرکردنی یاسایەکی لەوجۆرە ئەوەندەی مجامەلەی سیاسی واقیعێکی نێودەولّەتی و ئەوەندەی بەرجەستەبوویی غەریزەیەکی سیاسی نەخۆش و ئیرادەیەکی سیاسی دەمارگیر و ناتەندروستە هەرگیز وەلاّمێکی پێویست نییە بۆ خواستێکی ڕەوا و چارەنووسسازی خەلّکی کوردستان! بەمەش لەم شوێنکاتەدا پەلەکردن لە دەرکردنی یاسایەکی لەوجۆرە هەلّەداوانێکی ساویلکانەیە کە دواجار تەواو پێچەوانەی ئامانجەکەی لەنگەر دەگرێت. بەلّکو دەبێتە وێستگەیەك بۆ بەرهەمهێنانەوەی تیرۆر و لە باشترین حالّەتیشدا تیرۆر و تۆقاندنێکی ڕەمەکی نارەسمی دەگۆڕێت بە تیرۆر و تۆقاندنێکی بەرنامە ڕێژکراوی ڕەسمی.

ئەگەر سەرنجێکی خێرا لەو پرۆژە یاسایە بدەی کە لە لایەن وەزارەتەکانی ناوخۆوە بۆ پەرلەمانی کوردستان ئامادەکراوە و دواتریش لە دانیشتنێکی تایبەت لە پەرلەمان تاووتوێکراو دوای ئەویش لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمان لە کۆنفرانسێکی تایبەتدا لە پەرلەمان لەگەلّ ڕێکخراوەکانی کۆمەلّگەی مەدەنی و چالاکەکانی بواری مافی مرۆڤ خستییە دایەلۆگێکی کراوەوە و تائێستاش بە هەلّپەسێردراوی ماوەتەوە، دەبینین کە دەکرێت لە زۆر ڕووەوە ڕەخنە بکرێت ، ئێمە لێرەدا واز لە دارشتەنە یاساییەکەی و شێوازی بەرزکردنەوەکەی دەهێنین ئەگەر چی زۆر گازندە ئامێزانەشن بەلّکو تەنها سەرنجێکی خێرا لە دیدگای مرۆڤسالاریەوە لە یاساکە دەگرین بە تایبەتیش مادەکانی یەك و دوو و سێ هەریەکە و بە یەك نموونە:

١- بەبێ هیچ پێناسەکردنێکی یاساییانە بۆ تیرۆر ڕاستەوخۆ دەچێتە ناو بابەتەکەوە لە (م١)دا دەلّێت"ئەم کارانەی خوارەوە بەتاوانی تیرۆرکاری دادەنرێن و سزایان لە سێدارەدانە!"

بەر لە هەرشتێك ڕەوتی هاوچرکەی مرۆڤایەتی خەریکە سزای لە سێدارەدان تێدەپەڕێنێت و لە سیستەمی دادوەری ولاّتاندا توندترین سزا دەبێتە سزای تا هەتایی! بەلاّم لەم پرۆژەیاسادا (لە سێدارەدان) دەبێتە بنچینە کە ئەمە پاشکەوتنە لە گۆڕان و پێشکەوتەکانی مرۆڤایەتی لە بواری مرۆڤسالاریدا.

٢- هەندێك لە بڕگەکانی ئەم مادەیە ئەوەندە ترسناکین کە هەموویان لەگەلّ یەك یەکسان بکرێن، هەروەها وەك نموونەیەکی زەق لە (ب٦)دا ڕاستەوخۆ پاراستنی ژیان و سەلامەتی کارمەندانی ئەو دەستەو ڕێکخراوە بیانیانە جەختی لەسەرکراوە کە لە کوردستان کاردەکەن و بەهیچ شێوەیەك هەمان پاراستن بۆ دەزگا خۆمالّییەکان نییە! کە دیارە ئەمەش بە کەمزانینی خودە لە بەرامبەر بیانیەکاندا!

٣- لە (م٢)دا زیندانی هەتا هەتایی بۆ هەرکەسێکە تێکبدات یان بڕوخێنێت یان لە کەلّبخات یاخود زیان لە بەشێکی تەلار و دەزگا و سامانی گشتی بدات! وەك بلّێیت لەمەودوا ئەگەر لە خۆپیشاندانێکی قوتابیانی ناوەندیەکدا یەکێکیان پەنجەرەیەکی شکاند ئەوا بۆ ئەوبەر با ڕووناکی نەبینێتەوە.

٤- لە (م٣)دا هاتوە ١٥ سالّ زیندانی بۆ هەرکەسێکە کە ئەم کارانە ئەنجام بدات کە لە(ب٣)دا هاتوە کە دەلّێت"بەد نیازی نووسراو چاپەمەنی کاسێتی تۆمارکراو یان وێنەی وای لەلابێت یان بەدەستبێنێت، کە هاندان بەچاکزانین یان پڕوپاگەندە لەخۆ بگرێت بۆ ئەنجامدانی تاوانی تیرۆرکاری یان بە مەبەستی بەخشینەوەی بلاّوکردنەوەی یان بۆئەوەی کەسانی دیکەی لێ بەئاگا بکات"

لێرەدا ئەم یاسایە پێدەچێت بڕیار لەسەر نیەتەکان بدات کە ئەمەش هەلّەیەکی مەنهەجییە، چونکە زۆر ئاساییە بۆ مەبەستێکی شەریف کە دەکرێت دەسەلاّت بە ناشەریفی بزانێت ئەم کارانە بکەیت! ئەمانە و هەموو بڕگەکانی دیکەی (م١+م٢+م٣) زۆر قسەو ڕەخنە لەخۆ دەگرێت و ئێمەش لەم گۆشە بچکۆلەیەدا بواری قولّبوونەوەیەکی وامان نییە.

لێرەدا ئەوەندەی یاساکە تۆقێنەرە باکگراوەندی سیستەمی دادوەری لە کوردستانیش ئەوەندەی تر دەمانتۆقێنێت، کە دواجار وەك هەرکایەیەکی تر کۆمەلّگا تا سەر ئێسقان بە حیزبی کراوە و میزاج و خواستە حیزبییەکان یاساکانیان کردووە بە تۆڕێك کە تەنها ماسییە بچکۆلەکان بگرێت، بەمەش کاتێك زەمینەیەکی یاسایی ئاواش دەکەوێتە بەردەستی ئەم دادوەرییە، ئەوا پشت ئەوستورتر لە جاران ماف و ئازادییەکانی زۆر مرۆڤی ئەم ولاّتە دەکاتە سفری دوای فاریزە.

* چالاکوانێکی مافی مرۆڤە لە کوردستان